بەکاتی ناوەندی ئەوروپا19-7-2006 12:42

## سوچ لەقەباحەت خراپتر! وەلأمێکەبۆ کوردستانپۆست. مەحموود حاجی عومەر



سوچ لەقەباحەت خراپترە وەلأمێکە بۆ سایتی کوردستانپۆست ورِوونکردنەوەیەکیشەبۆخوێنەر.

وەک زۆرمان ئاگادارین بەرِێزێک بەناوی جەزاچنگیانی نووسەرەلەبواری ئەدەبیاتداونووسینی پرۆژەی حەزەوردیلەکان ونهێنیەکانی سەری زمانی ئەووگۆی مەمکەکانی تیاترۆیەک!قەیرەخانم و.... .. هتد هەر لەکاکە جەزاوسەروسیمای وی جوانە. خەم لەوەدایەجارجارەش ناشییانەپێ لەبواری سیاسەتیش دەخشێنێ!کاک جەزاهەتاکوبۆی بکرێ هەرچی هزرو هۆشی هەیەخستوویەتیەکاربۆرِق وکینەودژایەتی بزوتنەوەی کوردایەتی لەکوردستانی باشوور. هەرکاروکردەوەیەک لەکوردستاندا ئەنجام بدرێت ئەم بەرِێزە بەهەرەdهگaf پەنجەکەی دژیەتی، جا چ جای ئەوەی گەرکارەکەباش ولەبەرژەوەندی گشتیشدابێت، ئەم بەرِێزەلەبەرەی دژە.

جەزاچنگیانی لەوماوەی رِابردوواهەروەکوپیشەی هەمەجارەی بەلأم ئەوجارەیان دژبەشەهیدەکان بێ شەرمانەهاتووەتەگۆوبە(گەوج) ی ناوبردن. پێم وایە هەرلەسەر ئەوەش بوو کۆمەڵێ نووسەر لێی هاتنەوەلأم. نەک لەسەرسەرۆکی پارلەمان وچی وچی. چونکەپاراستنی هەیبەتی شەهیدو سەرنەوی کردن بۆیان ئەرکی سەرشانی هەمووانە. من خۆم یەک ملیۆن رِەخنەلەپارلەمان وحکومەت وحیزبەکان بگیرێ حەقم نابێ بەسەریەوە. زۆریشی بەحەق دەزانم، چونکەبۆخۆشم لایەنگری رِەخنەگرم. بەلأم بێ رِێزی بەشەهید بۆهەم! ووکەس بقەیە! بەهەرحاڵ: پاش ئەوەی جەزاچنگیانی هەڵەیەکی گەورەی کرد، دواترهات بەناوی خوازراوی ئازاد عەلی یەوەکەوتەوەسف وسەنای خۆی. ئەمجارەیان لەکوردستاننێت نا! لەکوردستانپۆست.

دیارەئەو هەڵوێستانە بۆ نووسەر شورەی یە، بەتایبەت خۆی خۆی بکات بەشێخی سەنعانیش!. من هەر لەسەرەتاوەدرکم بەو رِاستی یەکردولەسەریشیم نووسی. کەچی ئێستا بەداخەوەکوردستانپۆست بەرِوونکردنەوەیەکی لاوازەوەکەوتۆتەپاکانەوبۆی پەردەپۆش دەکات!کەئەمەشیان سوچ لەقەباحەت خراپتر. چەند تەقیمەکەی جەزاچنگیانی ناسراوبە ئازادعەلی واقع بینانە بوو، رِوونکردنەوەکەی کوردستانپۆستیش هەرهێندەجێی خۆی دەگرێ.

گریمان ئێمە شارەزاوخوێنەری بەسەلیقەنین. ئەی بەچی بزانین هیچ لەشێوازی نووسینەکانی جەزاچنگیانی یەوەخۆی نزیک ناکاتەوە؟تا ئێتربەکوێرانەحوکم نەدەین. وەک کوردستانپۆست دەڵێ!.

جاکاک جەزاوکوردستانپۆست هێندەحوکمی کوێرانەو هێرش وتانەوتەشەروقسەی سوکیان لەلا مەتڵەبەوپێی نارِەحەتن بۆماڵپەرِەکانی خۆیان کردووەتەمینبەری قسەی سووک وشەرِەجنێو؟ بۆحەق بەخۆئەدەن (غەفورورِەحیم) بن، بۆخەڵکی تریش (شدیدولعیقاب) بەرِەوادەبینن؟!

هەندێک لەرِستەکانی ناوئەورِوونکردنەوەیەهەرلەقسەی بەرکوانووئاگردان ئەچێ، بۆنموونە:

یەکێک لەئەندامانی دەستەی کوردستانپۆست لەنزیکەوە دەیناسێ!

من دووپرسیارلەبەرِێزکاک کەمال دەکەم:

1- خۆت ئاگاداری یەکەم کەس من وەلأمی جەزا (ئازاد عەلی) م دایەوەوهەر بەناوی خۆشمەوە. بۆسەرەتا بۆتان بلأونەکردمەوەو تارِادەیەک شێوە دیفاعێکیشتان لەکاک جەزاکرد. تا دووو ێنەی خۆم بۆناردن ئینجالاتان رِوون بووکەمەحموود ناوی خۆمەو بابەتەکە بلأوکرایەوە؟ کەچی کاک ئازاد کەسێکە وناوی خوازراوە، بلأویشی دەکەنەوە؟

2- گەر بەرِێز ئازاد عەلی کاک جەزا نیە، کوا ئیمایلی؟کوا وێنەی؟کوانووسینی پێشینەی؟. بەهەرحاڵ زۆر ئاسییەشت بلأوکردنەوە بەناوی خوازراوەوە، بەلأم حاشالێکردن ئاسایی نیە. ماوەتەوە بلێم (مانگ بەچاودەبینرێت وبەدەست ئیشارەی بۆدەکەن!) . خۆی لەخۆی دائەو رِوون کردنەوەیەی کوردستانپۆست دەیسەلمێنێ کەئازاد عەلی جەزاچنگیانی یە، بەک ئێمەبێ سەلیقە. باشتر بوو لەبری رِوونکردنەوەبنوسرایە (پینەوپەرِۆ) ئەگەرچی بەداخەوە بۆکاک ئازاد عەلی پینەچی یەکەباشی پینەنەکرد. لەگەڵ رِێزوسوپاسم بۆبرای بەرِێزکاک کەمال موختار وسایتی کوردستانپۆست. هیوادارم ئەم رِەخنەیەشم بەهێرشی نارِەوالێکنەدەنەوە..

سەرکەوتووبن.

مەحموودحاجی عومەر

  